**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٨**
**هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی٢٠١٥**
**تایبەت بە فراوانکردن و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەرێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە ژمارە (١٨٣ لە ٢٠١٥/٢/٢٤) لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو کراوەتەوە بەیانمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٧ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا :-
هەموارکردنەوەی بەیانی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:
**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی برگە/٢ مادده / پێنجەم لە خاڵی / پێنجەم لە بەیانمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٧ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
ماددەی پێنجەم جێبەجێ کردنی ئەم رێکارانەی سەرەوە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە لەلایەن پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان پێك دەهێندرێت کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە خۆوە بگرێت پاش دیراسەکردنی و ڕەزامەندیان ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ (بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەرێوەبەرایەتی کارگێری و سەرچاوە مرۆییەکان) دەکرێت بە (گشت بەرایییەکان و نەخشەی رەنگاو ڕەنگی ڕەسەن) دەرچواندنی(بەیان) و بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.
**ماددەی دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**